# ئەو کچەی بە جارێك منی داگیرکرد

دیار محمد
Deyar.mahamad@gmail.com

بەشی (1)

جارێك چایەك
جارێك کوپێکی
پەمەی
ڕێبوارانە
دەکەمە میوانی
سەرمێزت
وەکو ئەرشیف..
تا ئیمبڕاتۆر
ئاسودە بێ و
قاچەکانی سواری
قاچی
بەفر بکات
بۆ چرکەیەك
یان ئاڵویەك
لێم دەڕەنجێ
یان نارنجێکی
زیرەی ..
بە ویستی تۆ
هەوری عازەب
چی بکەم باشە
تا نارنجێك
دڵۆپ دڵۆپ
یاخود
خوڕ خوڕ
شیری ساردی
تێکەڵ کوپیی
پەمەی بکات ..

پێم باش نیە
شیرێکی سارد
پڕ کوپێك بێت
یان جەوانەیەکی
سیحری..
سوپاس هەورێ
جارێکی تر
سوپاس هەورێ
ئەمەوێت
خۆم داوا بکەم
لە ئیمپڕاتۆر
ئەم (کوپە) لە خۆم
پڕبکەم..
با لیم بڕژێ
بۆ سەر ڕۆخی
میوەیەکی
گەرما بردوو
ئەمەوێت زیاتر
بڕژێم
زیاتر ,زیاتر..
تاتۆفانم
لە خۆمدا
نقومت بکات و
وێنە کێشێك
ئەو ڕەنگانەمان
لێ بخوات
کە دەڕژێت .

2007/09/10